# گەشتی سیاسی هاوری فارس مەحمودبۆ چەند شاری ئیتالیا

لەسەر بانگهێشتی "لیژنەی جیهانی بۆراوەستانەوە بەدژی جەنگ و داگیرکاری" هاوری فارس مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب و لیژنەی تەنفیزی دەرەوەی کۆنگرەی ئازادی عیراق، لەرۆژانی 22 وتا 2006/11/26 سەردانی ولاتی ئیتالیای کرد، ئامانج لەم سەردانە بەریخستنی گەشتیکی سیاسی بوولەراستای گەیاندنی سیاسەت و لیکدانەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لەسەر بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و بەتایبەتی بەدوای شکستی بۆش لەهەلبژاردنەکانی ئەمریکاو بنبەستی ئیستراتیژی "نیزامی نیوی جیهانیی"یەکەی ورەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی عیراق و قەیران لەرۆژهەلاتی ناوەراست، هەروەها بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری کۆنگرەی ئازادی عیراق، وەك بەدیل و ریگاچارەیەك بۆدەربازکردنی خەلکی عیراق لەگیژاوی جەنگ و داگیرکاری و شەری نیوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و بۆ گیرانەوەی مەدەنیەت و ئاسایش بۆ خەلك. لەمبارەشەوە هاوری فارس چەندین چالاکی ئەنجامدا کە سەرەکیترینیان بریتبوولە:

*- رۆژی 22/ 11 لەشاری "بافیا" بەهاوبەشی لەگەل دوو کەسایەتی ناسراوی نیو بزوتنەوەی چەپ وکریکاری ئیتالیدا " رۆبرتۆ لوزی"و" مارۆفانیتی" سازدا، کەتیددا چەندین هەلسووراوی بزوتنەوەی چەپ و کریکاری بەشداریانکرد.

*- رۆژی 11/23 لەشاری تۆرینۆ، کۆبوونەوەیەکی بۆ ژمارەیەك لەرابەرانی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیسی بەست کەئامانج لیّی ناساندنی حیزب و سیاسەت و بەرنامەو لایەنەکانی هەلسوورانی لەناوخۆو عیراقدا بوو، هەرلەویشدا سەردیکی میژوویی حیزبی لەدامەزارندنیەوە تائیستا پیشکەش بە ئامادەبووانکرد. ئیوارەی هەمان رۆژ هاوری فارس محمود کۆریکی بۆ نزیکەی 60 کەس لە هەلسووراوان و کەسایەتی ناسراوی بزوتنەوەی چەپ و ژنان و ئەوانەی بارودۆخەکانی عیراق جیگای سەرنجیانە سازدا ولەویدا ویرای باسی بارودۆخەکانی عیراق لەبارەی  رۆلی کۆنگرەی ئازادی عیراق و میژووچەی دامەزراندن و ئامانجی کۆنگرەو کۆمەلەی ئەو چالاکیانەی تائیستا ئەنجامی داوە قسەوباسیکرد. شایانی باسە لەم کۆرەدا ژمارەیەك لە خەلکی جالیەی عەرەبی ئامادەبوون.

*- رۆژی 11/24 سمیناریکی جەماوەری بۆ ژمارەیەك لەخەلکی شاری لاسبتسیا بەبەشداری یەکیك لەرابەرانی کۆمپانیای فیاتی ئیتالی سازد.

*- سەرلەبەیانی رۆژی 11/25 سمیناریکی تری بۆ نزیکەی 70 کەس لە هەلسووراوانی چەپ و کۆمۆنیست وئازادیخواز، سەبارەت بە وەزعیەتی ئیستای عیراق و رۆلی کۆنگرەی ئازادی عیراق سازدا، کە لەلایەن ئامادەبووانەوە پیشوازی گەرمی لیکرا. وەئیوارەی ئیوارەی هەمان رۆژ هاوری فارس محمود کۆریکی تری بۆ کۆمەلیك لە لیپرسراوان و هەلسوراوانی ریکخراوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئیتالی سازداو تیدا لەبارەی ئیستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراق و ریگاچارەکانی دەربازکردنی خەلکی عیراق لەمیحنەتی ئیستایان دوا.

شایانی باسە هاوری فارس محمود لەگەشەتەکەیدا ویرای ناساندنی حیزب و کۆنگرەی ئازادی عیراق پشتیوانی بەشیکی زۆری بۆسیاسەت و لیکدانەوەکانی حیزب و گونگرەی ئازادی عیراق بەدەست هینا و سەرەتای پەیوەندییەکی توندو تۆلی لەگەل ریکخراوە و کەسایەتی و هەلسووراوەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کریکاری ئیتالیادا دامەزراند.